## نووسەر و وەرگێڕ: فاتح سەنگاوی

ناوی (فاتح محەممەد سلێمان)ە، ناسراو بە "فاتح سەنگاوی"، ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی قادئاوا سنوری ناحیەی سەنگاوی سەر بە قەزای چەمچەماڵ لە سنوری پارێزگای سێمانی لەدایکبووە.

لە دێی قەلاّ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە، لە سەنگاو تەواویکردووە، قۆناغی ناوەندی لە ناحیەی شۆڕش خوێندووە، ساڵی ١٩٩١ چووەتە ئامادەیی چەمچەماڵ لە قەزای چەمچەماڵ و قۆناغی ئامادەیی لەوێ تەواوکردووە.

ساڵی ١٩٩٤ لە بەشی زمانی عەرەبی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاّحەدین وەردەگیرێت، ساڵی ١٩٩٨ تەواوی دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست دێنێت.

ساڵی ١٩٩٩ لە وەزارەتی پەروەردە بە مامۆستا دادەمەزرێت، لە چەند قوتابخانەیەکی ناحیەی شۆڕش و ناو شاری سلێمانی لە خزمەتی پەروەردە و فێرکردن بەردەوام بووە، لەوانیش: (ناوەندی هیوا، ئامادەییەکانی: زاگرۆس، شێخ ڕەزا، تیشك، وەرزێر).

ساڵی ٢٠٠٧ لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی وەردەگیرێت، دەست بە خوێدنی ماجستێر دەکات بە سیستمی خوێندن لە دورەوە لەو زانکۆیەدا کە لقێکی لە کەرکوك بووە، ساڵی ٢٠٠٩ تەواوی دەکات و بڕوانامەی ماجستێر بەدەستد دێنێت، ماجستێر نامەکەی سەبارەت بە کەیسی ئەنفال بووە.

ساڵی ٢٠٠٩ لە بەشی زمانی عەرەبی کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەکانی زانکۆی جینان لە لوبنان وەردەگیرێت، ساڵی ٢٠١١ تەواوی دەکات و بڕوانامەی ماجستێر بەدەستد دێنێت لە واتاسازی و زاراوەکانی فیکری نوێی ئیسلامیدا، ساڵی ٢٠١٣ لە هەمان بەش و زانکۆدا دەست دەکات بە خوێندنی دکتۆرا، ساڵی ٢٠١٦ تەواوی دەکات و بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست دێنێت لە واتاسازی و زاراوەکانی فیکری کۆنی ئیسلامیدا.

مامۆستا و وانەبێژ بووە لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ساڵی ٢٠١١ تا ٢٠١٩، لەو بابەت و زانستانەی کە وتوویەتییەوە: (علم اللغة، علم الدلالة، فقة اللغة، علم الترجمة، المدارس النحوية، المحادثة).

بەشداری چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کردووە بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆکردنی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان.

به نووسینی شیعر و وەرگێڕان دەستی پێکردووە، یەکەمین بابەتی ساڵی ١٩٩٦ لە ڕۆژنامەی یەکگرتوودا بڵاوکراوەتەوە[١]، کۆتایی ساڵی هەشتاکان سەرەتای دەستکردنی بووە بە کاری وەرگێڕان، چەندین نووسین و بابەتی پەیوەندی دار و پەیوەست بە فیکری ئیسلامی و ئەنفالی لە ڕوپەڕی بەشێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە، بە تایبەت: گۆڤارەکانی: (پەیامی ڕاستی، شوناس، بابەگوڕگوڕ، ڕێگا، ئەنفال ناسی، مانەوە،...)، ڕۆژنامەکانی: (ئاوێنە، یەکگرتوو، کۆمەڵ، ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوە تایبەتەکان بە ئەنفال، ...).

## ئەزمونی کارگێڕی:

- بەڕێوەبەری ڕادیۆ و تیفی ناوخۆیی چەمچەماڵ ٢٠٠٢-٢٠٠٤.
- سەرنووسەری گۆڤاری باباگوڕ گوڕ ٢٠٠٥-٢٠٠٦.
- ئەندامی دەستەی کارگێڕی تۆڕی عێراق بۆ دژایەتی گەندەڵی - کەرکوك شبکه العراق لمحاربه الفساد" ٢٠٠٥-٢٠٠٦.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی خێزانی بەختەوەر ولێپرسراوی یەکەمی ئەو ڕیکخراوە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵ ٢٠٠٥-٢٠٠٧.
- سەرنووسەری گۆڤاری شوناس ٢٠٠٧.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی شوناس بۆ توێژینەوە مرۆییەکان و بەڕیوەبەری ناوەند، ٢٠٠٧.
- بڕیاردەری بەشی زمانی عەرەبی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی٢٠١٢-٢٠١٣.

[١] فاتح سەنگاوی دەڵێت: (لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکان ئاشنا بووم بە نامیلکە و بەرهەمەکانی مامۆستا حەبیب محەمەد سەعید و حەسەن پێنجوێنی و هەندێ بەرهەمی مامۆستا عەلی باپیر، ئیتر هەر بەرهەم و نووسینێکی ترم دەست دەکەوت کە منداڵیش بووم بە گەرمی ئەمخوێندەوە و جا ئیتر مێژوویی بوایە یان ئیسلامی، بیرم دێ تەفسیری خاڵ ئەوەی هەبوو گشتیم خوێندەوە، یەك دوو جوزئی تەفسیرەکەی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیزیشم هەمووی خوێندەوە، یەعنی بە گشتی خەریکی خوێندنەوەی کتێبە ئیسلامیەکانی ئەوکاتە بووم، بەهرەمەندیش بووم لە چەند بەرهەمێکی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەر لە سەرچاوەی ئاین و شەریعەتی ئیسلامەکەی، بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵ بووم هەندێ بەشی کتێبی شەریعەتە ئیسلامیەکەی وەك بەشی معاملات قورس بوو لەلام، کتێبی سەربەستی لە ئیسلامی کاك ئەحمەدە کاکە مەحمودیشم خوێندەوە، دەتوانین بڵێین ئەو کتێبانە گوشراوی کتێبە عەرەبییەکان بوون کە لە حەفتاکاندا خوێنەریان زۆر بوو، ئێمە تەقریبەن بە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە دەستمان پێکرد، بەشێك لە زانستە شەرعییەکانیشم لە خزمەت چەند مامۆستایەك دەخوێند لەوانیش: "فقه السنة"ی سەید سابق و چەند کتێبێکی فەرموده وەك: "الأربعون النووية، الأدب النبوی"و بەشی هەرە زۆری "رياض الصالحين").

## کاری خۆبەخشیی و چالاکیی بواری ڕێکخراوەیی و ئەندامێتی لە ڕێکخراوەکاندا:

- ئەندامی کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان ١٩٩٧-٢٠٠٤.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی خێزانی بەختەوەر ٢٠٠٤.
- ئەنـــدامی کۆمســـیۆنی عێراقـــی بـــۆ دەزگاکـــانی کۆمـــەڵی مـــەدەنی ٢٠٠٥ (المفوضـــية العراقيـــة لمؤسسات المجتمع المدني).
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠٠٥.
- ئەندامی یەکێتی ڕۆژنامەوانانی نێودەوڵەتیی، ٢٠٠٦.
- ئەنـــدامی دەســـتەی کـــارگێڕی تـــۆڕی عێـــراق بـــۆ دژایـــەتی گەنـــدەڵی (شـــبكة العـــراق لمحاربـــة الفساد)، ٢٠٠٥-٢٠٠٦.
- ئەنـــدامی دەســـتەی دامەزرێنـــەر و ســـەرۆکی ناوەنـــدی شـــوناس بۆتوێژینـــەوە مرۆییـــەکان ٢٠٠٧.
- ئەندامی کۆنکرەی یەکەمی جیهانی خێزان مسوڵمان، خەرتووم-سودان، ٣-٥/١٢/٢٠٠٥.
- ئەنـــدام و پێشکەشـــکاری توێژینەوەیـــەك لـــە کـــۆنگرەی یەکـــەمی بـــە جیهانناســـاندنی جینۆسایدی گەلی کورد ٢٦-٢٧/٤/ ٢٠٠٨.
- ئەنـدامی دووەمـین کـۆنگرەی نێودەوڵـەتی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان لـە عێـراق- نەجـەف ٨-١٠/١٠/ ٢٠٠٨.
- ئەندامی سێیەم کۆنگرەی نێودەوڵەتی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، هەولێر ١٧-١٩/٤/٢٠١١.
- ئەندامی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ٤/١٠/٢٠١١.
- ئەنـدام و بەشـدار بـە توێژینەوەیـەك لـە کـۆنگرەی: جینۆسـایدی کـورد لـە مێـژوودا، زانکـۆی سلێمانی ١٥-١٧ /٤/٢٠١٣.
- کۆنگرەی ئەمجەد زەهاوی، سەنتەری زەهاوی بۆ توێژینەوەی فیکری، ١٣-١٤/٣/ ٢٠١٣.
- ئەنـــدامی یەکـــەمین کۆنفرانســـی زانســـتی نێودەوڵـــەتی- زانکـــۆی گەشـــەپێدانی مرۆیـــی، سلێمانی ١-٢/٤/٢٠١٤.
- ئەنـدام و بەشـدار بـە توێژینەوەیـەك لـە کـۆنگرەی سـێیەمی سـەنتەری زەهـاوی بـۆ توێژینـەوەی فیکـری (النظـام السياسـي في الفكـر الاسـلامي: تحـديات الحاضـر وآفـاق المسـتقبل)، سـەبارەت بـە زاراوەی: ئیسـلامی سیاسـی (الاسـلام السياسـي: دراسـة في إشـكالية المصـطلح والمفهـوم) ١٦-١٧/٥/٢٠١٤.
- ئەنـدام و بەشـدار بـە توێژینەوەیـەك لـە دووەمـین کۆنفرانسـی زانسـتی نێودەوڵـەتی زانکـۆی گەشـەپێدانی مرۆیـی، سـەبارەت بـە: (إشـكالية ترجمـة المصـطلح-ی دراسـة نظريـة)، ١٥-١٦/٤/٢٠١٥.

- بەشـــداریکردنی یەکـــەمین کـــۆنگرەی دامەزرانـــدنی لقـــی کوردســـتانی کۆڕبەنـــدی جیهـــانی میـــانڕەوی – کوردســـتان و بونـــە ئەنـــدامی ئەنجومـــەنی ئەمینـــداریێتی ئـــەو ڕێکخـــراوە لـــە ٢٠١٥/١٠/٣.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی دۆز بۆ پرسی ئەنفال، ٢٠١٥.
- بۆردی ڕێکخراوی زانست بۆ توێژینەوە ٢٠١٧.

## خولی ڕاهێنان و چالاکیی ڕێکخراوەیی:

- بەشـــداری خۆبەخشـــانە لـــە دابەشـــکردنی هاوکارییـــەکانی ڕێکخـــراوی بزاڤـــی خێرخـــوازی و ڕابیتەی ئیسلامی کورد ١٩٩١–١٩٩٢.
- بەشداری خولی زانستی و پەروەردەیی ڕابینەی ئیسلامی کورد ١٩٩٢.
- بەشداری خولیٚ نەدوەی جیهانی لاوانی مسوڵمان ١٩٩٨.
- خـــولی ڕاهێنـــانی مامۆســـتا و بەڕێوەبـــەران، پـــەیمانگای ڕاهێنـــان و گەشـــەپێدانی پـــەروەردەیی لەگەڵ USAID ، ٢٠٠٤.
- بەشـــداری دوو دانیشـــتنی تایبـــەتی ڕێکخراوەکـــانی کۆمـــەڵی مـــەدەنی لـــە کۆشـــکی کۆنگرەکـــانی بەغداد ٢٠٠٤.
- خـــولی هەڵســـەنگاندنی ڕێکخراوەکـــان لـــە لایـــەن ســـەنتەری خزمەتگوزارییـــەکانی کۆمـــەڵی مەدەنی عێراقیICSP لە کەرکوک، ٤ –٢٠٠٥/٤/٥.
- نەدوەیـــەك ســـەبارەت بـــە: (عێراقیـــەکان چـــییان لـــە دەســـتور دەویٚ لـــە لایـــەن ســـەنتەری خزمەتگوزارییـــــەکانی کۆمـــــەڵی مـــــەدەنی عێراقـــــیICSP لـــــە کـــــەرکوك ٢٠٠٥/٤/١٦، پێشکەشکردنی وتەیەك.
- نەدوەیـــــەك سەبارەت:(چـــــۆنێتی بـــــەڕێوەبردنی کۆنگرەکـــــان)، لـــــە لایـــــەن ســـــەنتەری خزمەتگوزارییـــەکانی کۆمـــەڵی مـــەدەنی عێراقـــیICSP لـــە کـــەرکوك لـــە ٢٦–٢٠٠٥/٤/٢٧، پێدانی بڕوانامەی ڕێزلێنان.
- نەدوەیـــەك ســـەبارەت: (چـــۆنێتی بنیاتنـــانی توانـــا دەزگاییـــەکان)، لـــە لایـــەن ســـەنتەری خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵی مەدەنی عێراقی ICSP لە کەرکوك) لە ٢٠٠٥/٤/٢٨.

- وەرکشـــۆپێك ســـەبارەت بـــە (چـــۆنێتی پێکهێنـــانی تـــۆڕی نێـــوان ڕێکخراوەکـــان)، لـــە لایەنســـەنتەری خزمەتگوزارییـــەکانی کۆمـــەڵی مـــەدەنی عێراقـــی ICSP لـــە کـــەرکوك، ٢٠٠٥/٢/٢٠.
- وەرکشـــۆپێك ســـەبارەت بـــە (بنیاتنـــانی قاعیـــدەی جـــەماوەری)، لـــە لایـــەن ســـەنتەری خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵی مەدەنی عێراقی ICSP له کەرکوك، ٢٠٠٥/٥/١١.
- چـاودێریی و بەدواداچـوونی چـالاکیی ڕۆشـنبیری سـەبارەت بـە گەنـدەڵی کـارگێڕی لـە ژێـر دروشمـــی: (شـــەفافبوون، پـــاکێتی، لێپرســـینەوە) لـــە نەخۆشـــخانەی منـــاڵانی کـــەرکوك و پەروەردەی کەرکوك ٢٠٠٦/٦/١٣.
- چـاودێری و بەدواداچـونی خـولی مامـانی میللـی لـە قـەزا و ناحیـەکانی کـەرکوك بـە هاوکـاری ڕێکخراوی ڤۆکا Acdi-voca له مانگی٦-٧-٢٠٠٦.
- بەشـــداری خـــولی ڕاهێنـــانی ســـەرکردە و بەدەســـتهێنانی بڕوانامـــەی خـــولی ڕاهێنـــانی پێداویســـتی ســـتراتیژی ئـــابوری (I.I.E.R) ، لەلایـــەن ڕێکخـــراوی (cipe) و بـــە هاوکـــاری ڕێکخراوی(Ask) له ٢٣-٢٦ /٧/٢٠٠٦.
- سەرپەرشـــتی ڕاپرســـییەك ســـەبارەت گەنـــدەڵی کـــارگێری لـــە کـــەرکوك لـــە بـــەرواری ٩/١٥ تا١٠/١٠/٢٠٠٥م.
- سەرپەرشـــتی ڕاپرســـییەك ســـەبارەت بـــە: (گرفتـــە خێزانیـــەکان لـــە پێـــنج ســـاڵی یەکـــەمی هاوسەرگیرییدا) و پێشکەشکردنی له کۆڕێکی گشتیدا له چەمچەماڵ ٢٠٠٦/٩/١١.
- سەرپەرشـــتی هەڵســـەنگاندنی چـــەند پڕۆژەیـــەکی جێبـــەجێکراو لـــە کـــەرکوك بـــە هەماهـــەنگی لەگەڵ ڤۆکا Acdi-voca له نێوان ٢٠٠٥-٢٠٠٦.
- بەشـــداری وەرکشـــۆپێك ســـەبارەت: ( نووســـینی یاســـای ڕێکخراوەکـــان لـــە هـــۆڵی نـــەورۆز لـــە کەرکوك کە (tctp) پێی هەستابوو له ٢٠٠٦/٤/١.
- بـەڕێوەبردنی وەرکشـۆپێك و پێشکەشـکردنی بابـەتێك بـۆ مـاوەی سـێ کاتـژمێر سـەبارەت بـە: (ڕۆڵـی ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵی مـەدەنی لـە دیموکراسـی و هەڵبژاردنـدا)، بـە ئامـادەبوونی ٣٥ ڕێکخراو و کەسایەتی، هۆڵی سارا، مانگی ٣/ ٢٠٠٧.
- چـــاودێری کردنـــی هەڵبژاردنـــەکان، ٢٠٠٤/٤/٣١ و ڕاپرســـی لـــە ســـەر دەســـتوور٢٠٠٥/٥/١٠ و ئەنجومەنی نوێنەران، لوبنان ٢٠١٠.

## چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانی وەرگرتووە، لەلایەن:

- خولی ڕاهێنانی ماموستا و بەڕێوەبەرەکان، لە لایەن پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی بە هاوکاریی USAID ٢٠٠٤.
- پەیمانگای توێژینەوەی خێزان لە زانکۆی ئوم دەرمان/سودان ٢٠٠٥.
- بەشداری خولی سەرکردەیی پێداویستیەکانی ستراتیژی ئابوری (I.I.E.R)، لە لایەن ڕێکخراوی (cipe) و بە هاوکاری ڕێکخراوی(Ask) ڕێکەوتی ٢٣–٢٦ /٧/٢٠٠٦.
- نووسینگەی هەڵبژاردنەکانی دەرەوە، لوبنان٢٠١٠.
- ڕێکخراوی هەڵوێست ٢٠١١.
- سەنتەری ڕۆشنبیری چەمچەماڵ ٢٠١١.
- ڕادیۆی چەمچەماڵ ٢٠١١–٢٠١٣.
- وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان ٢٠١٣.
- کۆمەڵەی ڕوناکبیریی و کۆمەلأیەتی کەرکوک ٢٠١٣.
- مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ ٢٠١٣.
- ڕێکخراوی باران چەمچەماڵ ٢٠١٣.
- یەکێتی زانایان، لقی چەمچەماڵ ٢٠١٣.
- زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی–ماموستای سەرکەوتوو،٢٠١٢–٢٠١٣.

## بەرهەمەکانی:

### أ- نووسین:

١. **لێکۆڵینەوەیەك لەسەر چەمکی بیدعە–چۆنیەتی گۆڕینی خراپە–**[٢].
٢. **قورئان وگفتوگۆیەك–لە پێناو ئازادیدا–**[٣].
٣. **بونیادە سیاسیەکانی ئیسلام**[٤].
٤. **خنکانی مەعریفە لە نێو شەهوەتدا: کۆمەڵە وتار–بە هاوبەشی–**[٥].

---

[٢] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٩٦ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ١٩٩٩.
[٣] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٨٦ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٠.
[٤] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٣٨٨ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٥.
[٥] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٨٢ لاپەڕە، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٦.

٥. **سەبارەت بە ئیسلام و سیاسەت و کاری ئیسلامی**[٦].

٦. **لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەناو و سیفەتەکانی خوای گەورە**[٧].

٧. **دواتر دەینێرم**-کۆمەڵە وتار-[٨].

٨. **روانین**-بابەتگەلێك سەبارەت بە بیر و بانگەواز-[٩].

٩. **بەرینی ئیسلام و بیرتەسکی مەدخەلی**-چەند سەرنجێك سەبارەت بە حیزبایەتی-[١٠].

١٠. **توێژینەوە و رامان سەبارەت بە فیکری ئیسلامی و بزاڤە ئیسلامییەکان**[١١].

١١. **سەبارەت بە ئەنفال**-توێژینەوە و چاوپێکەوتن-[١٢].

١٢. **نامیلکەی: کۆرۆنا**-لەنێوان خەشمی خودایی و خراپەکارییەکانی مرۆڤدا-[١٣].

## ب- توێژینەوەکانی بە زمانی عەرەبی:

١. **عمليات الأنفال وآثارها على الشباب**-دراسة اجتماعية نفسية ميدانية-[١٤].

٢. **لفظة الأنفال-بين مفهومها اللغوي القديم والحديث**-، دراسة لسانية[١٥].

٣. **التطور الدلالي لمصطلحات الفكر الاسلامي المعاصر**، ١٩٥٠- ٢٠١٠، دراسة تطبيقية[١٦].

٤. **التطور الدلالي لمصطلحات العقيدة**-دراسة مقارنة بين أهل الحديث و المعتزلة و الأشاعرة-[١٧].

---

[٦] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٤٩ لاپەڕە، پەیوەند، سلێمانی/عێراق ٢٠١٢.

[٧] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٦٥ لاپەڕە، حاجی قادری کۆیی، هەولێر/عێراق ٢٠١٢.

[٨] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٩٠ لاپەڕە، کارۆ، کەرکوك/عێراق ٢٠١٣.

[٩] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٠٣ لاپەڕە، پەیوەند، سلێمانی/عێراق ٢٠١٣.

[١٠] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٨٨ لاپەڕە، سلێمانی/عێراق ٢٠١٣.

[١١] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٥٤ لاپەڕە، سارا، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

[١٢] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٤٨ لاپەڕە، سارا، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

[١٣] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١١ لاپەڕە، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

[١٤] لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، ساڵی ٢٠٠٩ پێشکەش بە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی کردووە، کە لقێکی لە کەرکوك هەبووە، وەك پێویستییەك بۆ بەدەستهێنانی شەهادەی ماجستێر بە سیستەمی خوێندن لە دورەوە لەو زانکۆیەدا. چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٥٤١ لاپەڕە، وەزارەتی رۆشنبیر و لاوان، هەولێر/عێراق ٢٠١٠.

[١٥] لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، پێشکەش بە کۆنگرەی "چۆنیەتی جینۆسایدی کورد لە مێژوودا"ی کردووە، لە بەشی مێژووی کولیەی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی ١٥-٢٠١٣/٤/١٧. چاپکراوە، ٤٥ لاپەڕە.

[١٦] لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، ساڵی ٢٠١١ پێشکەش بە بەشی عەرەبی کولییەی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکانی کردووە، لە زانکۆی جینان لە تەڕابلوسی پایتەختی لوبنان، وەك پێویستییەك بۆ بەدەستهێنانی شەهادەی ماجستێر لە (واتاسازی و فکری ئیسلامی/زمانی عەرەبی). چاپکراوە، بە ناونیشانی: ( معجم مصطلحات الفكر الاسلامي المعاصر-دلالاتها وتطورها-)، چاپی یەکەم: ٥٧٦ لاپەڕە، دار الكتب العلميە، بەیروت/لوبنان ٢٠١٢.

٥. **عمليـــات الأنفـــال في كوردســـتان العـــراق-في ضـــوء مقاصـــد الشـــريعة والاتفاقيـــات والمواثيـــق الدولية**[١٨].

٦. **إشكالية ترجمة المصطلح**-دراسة نظرية-[١٩].

٧. **دلالة المصطلح الإسلامي وتغييرها في الفكر الإسلامي المعاصر**[٢٠].

٨. **تغيير وترجمة المصطلحات**-رد فكري و لغوي-[٢١].

## ت- وەرگێڕانەکانی بۆ سەر زمانی کوردی:

١. (**المــرأة أزمــة الهويــة و تحــديات المســتقبل**)، نووســینی: عەبـدوڵڵا ئـەمین، بـە ناونیشـانی: (**ئـــافرەت قەیرانی ناسنامە ومەیدا نخوازییەکانی داهاتوو**)[٢٢].

٢. نامیلکـەی: (**تقیـــیم الحـــدیث بـــین العقـــل والنقـــل**)، بـە ناونیشـانی: (**هەڵســـەنگاندنی فـــەرموده لـــە عەقڵ ونەقڵدا**)[٢٣].

٣. کورتکردنـەوە و وەرگێڕانـی: (**تحريـــر الإنســـان وتجريـــد الطغيـــان**)، نووســینی: د.حـاکم المطـیري، بە ناونیشانی: (**ئازادکردنی مرۆڤ و ڕامالینی ستەمکاری**)[٢٤].

٤. (**الحرية أو الطوفان**)، نووسینی: د.حاکم المطیري، بە ناونیشانی: (ئازادیی یا تۆفان)[٢٥].

٥. (**الخلفـــاء الراشـــدون بـــين الاســـتخلاف و الاستشـــهاد**)، نووســینی: صــەلاح عەبدولفـەتاح خالیـدی، بـە ناونیشانی: (**خەلیفەکانی ڕاشیدین لە نێوان جێنشینبوون و شەهیدبوندا**)[٢٦].

٦. (**قضـــية المـــرأة بـــين التحرير..والتمركـــز حـــول الأنثـــى**)، نووســینی: د.عەبـدولوەهاب مەسـیری، بـە ناونیشانی: (**دۆزی ئافرەت لە نێوان ئازادکردن وبەسەنتەرکردنی مێیینە-فێمینیزم-**)[٢٧].

---

[١٧] لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، ساڵی ٢٠١٦ پێشکەش بە بەشی عەرەبی کولییەی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکانی کردووە، لە زانکۆی جینان لە تەڕابلوسی پایتەختی لوبنان، وەك پێویستییەك بۆ بەدەستهێنانی شەهادەی دکتۆرا لە (واتاسازی و فکری ئیسلامی/زمانی عەرەبی)دا. چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٧٧٦ لاپەڕە، دار الکتب العلمیه، بەیروت/لوبنان ٢٠١٩.

[١٨] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٩١ لاپەڕە، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی، کەرکوك/عێراق ٢٠١٠.

[١٩] لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، پێشکەش بە کۆنگرەی "دووەمی زانکۆی گەشەپێدانی کوردستان"ی کردووە، ٢٠١٤-٢٠١٥.

[٢٠] بلاوکراوەتەوە، لە: مجلة جامعة التنمية البشرية، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٤٥ لاپەڕە، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

[٢١] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٧٠ لاپەڕە، سارا، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

[٢٢] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٠٠ لاپەڕە، ڕۆشنبیر، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٢.

[٢٣] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٤٥ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٢.

[٢٤] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢١٥ لاپەڕە، زنجیرە کتێبەکانی گۆڤاری ڕێنوێن، سلێمانی/عێراق ٢٠١١.

[٢٥] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٧٠١ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٢٦] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٣٣٣ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٧.

[٢٧] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٠٠١، چاپی دووەم: ١٠٠ لاپەڕە، ڕێنوێن، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

**پ- لە وەرگێڕان و بەکوردیکردنی چەند بەرهەمێکدا بەشدار بووە، لەوانیش:**

- (**ما لم يذكرة بريمر في كتابه**)، نووسینی: محەمەد عەرەب، بە ناونیشانی: (**ئەوەی بریمەر لە کتێبەکەیدا یاداشتی نەکردووە**)، بە هاوبەشی لیژنەیەك[28].
- (**الإسلام و المرأة-رد لبعض الشبهات-**)، نووسینی: عوسمان ئیتوتی، بە ناونیشانی: (ئیسلام و ئافرەت و ڕەواندنەوەی چەند گومانێك)، بە هاوبەشی: لیژنەیەك[29].
- (**ضحايا الحب**)، نووسینی: یوسف حاج ئەحمەد، بە ناونیشانی: (**قوربانییەکانی خۆشەویستی**)، بە هاوبەشی لیژنەیەك[30].
- (**قوانين في القرآن الكريم**)، نووسینی: د.محەمەد راتب نابولسی، بە ناونیشانی: (**چەند یاسایەك لە قورئانەوە**)، بە هاوبەشی: دەستەیەك لە خوێندکارانی بەشی عەرەبی/کۆلێژی زمان/زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی[31].
- (**أنتي الحاد**)، نووسینی: د.ئەحمەد خیری العمري، بە ناونیشانی: (**دژە ئیلحاد**)، بە هاوبەشی: دەستەیەك لە خوێندکارانی بەشی عەرەبی/کۆلێژی زمان/زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی[32].
- (**أنتي الحاد**)، نووسینی: سامی عامری، بە ناونیشانی: (**ئایا قورئانی پیرۆز لە کتێبی جوولەکە و نەسرانییەکانەوە وەرگیراوە**)، بە هاوبەشی: ئەحمەد جەلال، ئامینە سدیق[33].

**سەرچاوە:**

- **چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسێنراو "فاتح سەنگاوی" لە ماڵی خۆی کە دەکەوێتە گەڕەکی ماردین لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ کاتژمێر پێنجی عەسر.**
- **سیڤییەکی تایپکراو لەلایەن ناسێنراوە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی، گەیشتە دەستم، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٠، پارێزراوە لە ئەرشیفدا.**

**ئامادەکردن: احسان ابراهیم بەڵخەیی**

---

[28] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٨٦ لاپەڕە، پەیوەند، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٧.

[29] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٥٨ لاپەڕە، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٨.

[30] چاپکراوە، چاپی سێیەم: ٢٧٤ لاپەڕە، چاپخانەی گوڵ، هەولێر/عێراق ٢٠٠٨.

[31] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٢٧١ لاپەڕە، ئەی تو زێد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

[32] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٣٢٨ لاپەڕە، ڕێنوێن، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

[33] چاپکراوە، چاپی یەکەم: دوو بەرگ، ڕێنوێن، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.
بەرگی یەکەم: ٥٤٨ لاپەڕە.
بەرگی دووەم: ٦٤١ لاپەڕە.